# پیشەسازی سەرۆك

رامیار مەحمود

نێوەندی  سیاسی كوردی  بە دیاریكراوی هەردوو هیزە سەرەكییەكەی كوردستان لە دوای روخانی رژێمی (بەعس)ەوە قسە لەسەر خۆئامادەكردن ئەكەن بۆ دوو كارنامەی سیاسی وەك وەلأم دانەوە یەك بۆ ئەو ترس و دڵە راوكێیەی  لە هەرێمی كوردستاندا هەیە لە دوای ئەو گۆرانكارییەی  روخانی رژێمی پێشوو بە دوای خۆیدا ئەیهێنێت كە یەكەمیان چەسپاندنی  عیراقێكی فیدراڵە  و دووەمیان یەكگرتنەوەی هەردوو حكومەتەكەیە لە یەك حكومەتدا  گرنگی ئەم دوو كارنامە سیاسیە  هەردوو هێزە سەرەكی و ناكۆكەیی كوردی كۆكردەوە لەناو یەك لیستی  هاوبەشدا لە هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەكەی عیراقدا بۆ ئەوەی كورد ئەجندایەكی یەكگرتووی هەبیت لە پەرلەمانی عیراقدا دیمەنی دووكەرتبونی سیاسی كوردی نەگوازرێتەوە بۆ ناو پەرلەمان و رای گشتی عەربی لە عیراقدا بەلأم بە باری ناوخۆدا بەشداری كردنی هەردوو هێزەكە بە یەك لیست لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستاندا ئەو یەقینە ساخ ئەكاتەوە كە نێوەندی سیاسی ئێمە بەرگەی هیچ ڕووبەڕووبونەوەو ململانێیەكی سیاسی ناگرێت واقعی  نەشەڕ بە دیمەن ئاشتی  زۆر لەوە فشەڵترە ئەو دوو حزبە بچنە ناو گەمەی دیموكراسییەوە هەر لەم سیاقەشەوە هەردوو هێزەكە بە پشت بەستن بە پرنسیبی ( رێكەوتن ) سووربوونی خۆیان نیشاندا لەسەر  وەرگتنی پۆستێكی سیادی بۆ لیستی كوردستانی كە (جلال تاڵەبانی) وەك سەرۆك كۆماری عیراق و (مەسعود بارزانی) وەك سەرۆكی هەرێم و نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆكی حكومەتی هەرێم من لێرەدا قسە لەسەر گرنگی شوینی كورد ناكەم لە حكومەتی فیدراڵدا بە دیاریكراوی  بوونی كەسێكی  بە شوناس كورد لە پۆستێكی سیادی وەك سەرۆك كۆماردا هەروەها خۆشم بە لایەنگری پرنسیبی رێكەوتن  ئەزانم بۆ هەموو وتوێژوو هەنگاوێك لە گەڵ بەشە عەربیەكەی عێراقدا ئەو پرنسیبە وەك ئەڵتەرناتیفی پرنسیبی زۆرینەو كەمینە گرنگییەكی زۆری دەبێت بۆ كورد چونكە كورد وەك نەتەوەیەكی جیاواز لە چوار چێوەی عیراقدا  دەبێت حسابی بۆ بكرێت . ئۆرگانیزەكردنی  ژیانی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا بە گوێرەی پرنسیبی رێكەوتن  ئەوە ئەسەلمێنێت پارتی و یەكێتی  وەك دوو هێز لە سروشتی خۆیاندا  هەلگری شەڕانگێزی و بەدگومانییەكی كوشندەن بەرامبەر بە یەكتر بە رادەیەك ئەو دوو هێزە هەرێمی كوردستانیان راكێشاوەتە ناو دابەشبوونێكەوە كە ئەوەندەی لە دیمەنی دابەشبوونی تایەفییەوە نزیكە ناكرێت وەك دابەشبوون بە سەر ماناو رێگاچارەی سیاسی  و ئەجەندەی ئابوری و كۆمەلأیەتیدا بخوێنرێتەوە . رێكەوتنی ئەم دوو هێزە لە سەر لیستێكی یەكگرتوو لە هەڵبژاردنە سەرتاسەرییەكەی عیراقدا و ڕێكەوتن لەسەر ئەوەی  پۆستی سیادی سەرۆك كۆماری عیراق بۆ تاڵەبانی بێت كۆمەڵێك دەرئەنجامی ناوخۆیی لە هەرێمی كوردستنادا خستۆتەوە كە بریتین لە پۆستی سەرۆكی هەرێم بۆ (مسعود بارزانی) و سەرۆكی حكومەتیش بۆ ( نیچیربارزانی) ئەم ئەنجامە بریتییە لە تەسفییە كردنی ئاسەوارەكانی شەڕی ناوخۆ و  ناكۆكی ئەو دوو حزبە كە دەبێت بەو شێوەیە میراتییە سیاسی و  ئیدارییەكان دابەشبكرێت لە نێوانیاندا , ئەوەی (رێبوار سیوەیلی) لە دوو ژمارە پیشتری (هاولأتی) دا ئەخوازێت وەك سەردەمی زێرینی كورردی و سەردەمی سەرۆكە كوردەكان ناوی ببات  جگە لە ئابرووچونێكی رۆشنبیرانە هیچی ترنییە چونكە ئەوەی لە هەرێمی كوردستاندا روئەدات و بەوشێوەیەی لە ئێستادا دائەڕێژرێتەوە (واقعێكی داسەپاوە) بەرهەمێكی عەقلأنی و دیموكراتی نییە . ئەگەر بە گفتی رێبوار سیوەیلی بێت  ئەبێت بەشێك لە رۆشنبیران نامەی داوای لێبوردن بنێرن بۆهەردوو حزبەكە چونكە بەڕێزی ئەفەرموێت (ئەوەی ویستویانە بیكەن لە نێت پاكییەوە بووەو ئەوەشی كردوویانە مەبەستیان نەبووە بەو جۆرە بێت كە بووە )ئەمە هەرزانترین جۆری پاساو هێنانەوەی رۆشنبیرییە بۆ ئەو گەندەڵی و دڵڕەقییە سیاسیەی لە دوای راپەڕینەوە  حوكمڕانی ئەكات و بەردەوا مبوونی ئەم مۆدێلە لە نوسەران و نوسین لە هەرێمی

كوردستاندا بۆ خۆی باشترین بەڵگەیە لەسەر بونی كەلتورێكی فاشییانەو دڵڕەق و خۆسەپێنەر. كێ بڕوا بەوە ئەكات كە كەم ئەزمونی كورد لە حكومەتداریدا و دروستكردنی حكومەتێكی نوێ بگونجێت لە گەڵ تەمەنی (نێچیر بارزانی)دا ئەم لێكدانەوە بایۆلۆژییە بۆ پۆستی سەرۆكی حكومەتی هەرێم كاتێك راستە خواوەند نەتەوەی كوردی بە نەفرەت كردبێت و هەموو خەڵك بە پیری لە دایك بن جگە لە تەنها یەك كەس , و دانەپاڵی كۆمەڵێك خەسڵەتی پۆزەتیف ئەفسانەیی وەك رزگاركەری كورد لە قەیرانە هەنووكەیی و پێشبینیكراوەكاندا و شوبهاندنی هۆكاری قەیرانەكانی هەرێمی كوردستان بە دەرمانی قەیرانەكە تەنها لە نوسینی ئاخر زەماندا نمونەی هەیە. قسەكردن لەسەر ئەوەی (مەسعود بارزانی) ساكارو پڕئەزمون و هێمن و دووربین و نمونەی ئەخلاقی سیاسی و ویژدان پەرست و شەفاف و پێشمەرگەیەكی سادەیە و ساخكردنەوەو سەپاندنی ئەم جۆرە لێكدانەوانە بۆ دۆخی سیاسی , درێژكراوەیەكی رۆشنبیرانەی ئەو دەست درێژییە حزبییەیە ئەكرێتە سەر كۆمەڵگای مەدەنی لە كوردستاندا كێشەی من ئەوە نییە چۆن تاڵەبانی و بارزانی سیستەمی كارگێڕی و سیاسی هەرێمی كوردستان دائەڕژنەوە , كێشەی من لە شێوەی خستنە ڕوياندايە لە لايەن رۆشنبيرانەوە , پۆستەكان بەرهەمی رێكەوتنێكی سیاسی و دیسپۆتیزمێكی كۆمەڵایەتی و سیاسی ناوخۆیی حزبە , نەك بەرهەمێك لە بەرهەكانی عەقڵانییەت و دیموكراتییەت , لە كاتێكدا رێبوار سیوەیلی ئامۆژگاری سەرۆكە كوردەكان ئەكات فەرمانڕەوای ناخ و رۆحی مرۆڤی كورد بكەن لە عیراقدا دادگایكردنی كوشندەترین مۆدێلی سەرۆك لە ئارادایە كە سەدام حوسەینە تازە بە تازە كورد خەون بە سەرۆكی فەرمانڕەوای رۆح و ناخی مرۆڤەوە ئەبینێت